# ئازادی

## ئامانجی تێکۆشانی شاخ و بابەتی ئەمڕۆی دەقەکانی یاسا

" ڕەنگە لە بۆچووندا لە گەڵت کۆک نەبم، بەڵام بۆ داکۆکیکردن لە ڕای تۆ ئامادەم بمرم "(فۆڵتێر)

**محەمەدی مشیر**

کاتێ مرۆ رابردوویەکی نزیکی وەک قۆناغی خەباتی چەکداری و پێشمەرگایەتی بیردەکەوێتەوە و لە گەڵ ئەمڕۆدا بەراووردی دەکا هەست بە گۆڕانێکی زۆر و جیاوازییەکی لە رادەبەدەر دەکا، زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە جیاوازی هەمەجۆری چەندایەتی و چلۆنایەتیان بە خۆوە بینیوە، بەڵام جیاوازییەک جیا لە هەموو جیاوازییەکان پرسی ئازادییە لە هەردوو قۆناغی جیاوازدا، کەسانێک لەوەی یەکەمدا گیان و ماڵیان لەپێناوی دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ گەل و نیشتمان بەختکرد و ئازادی یەکێ لە ئامانجە هەرە لە پێشەکانی خەباتیان بوو لەکاتێکدا کە یاساکانی ئەوکات تەواوی ئازادییەکانیان کۆت و پێشێل کردبوو، کەسانێکیش لەدەرەوەی ئەم بازنەیەدا هاوشانی رژێمی دیکتاتۆری بەعس گەورەترین لەمپەربوون و هەمیشە لە بەرەی دژ بە ئازادییەکانی گەلی کوردستان ئازدی ئەم گەلەیان لە رێگەی هەمان ئەو یاسایە زۆردارانەوە پێشێلدەکرد و ئازادیخوازانیان دەئاخنییە شەوەزەنگی زیندانەکانی بەعس بێئەوەی بۆ چرکە ساتێکیش بیر لەوە بکەنەوە کە رۆژێ دادێ ئەوانیش پێویستیان بە هەمان ئازادی دەبێ. دوو قۆناغی جیاواز، دووبەرەی دژیەک، دوو چەمک و فۆرمی جیاوازی ئازادی.

زۆرینەی ئەوانەی دوێنێی شاخ و تێکۆشەرانی نێو شار پێشەنگی کاروانی ئازادیخوازانەی ئەو چین و توێژانەبوون کە ئازادییان لێزەوتکرابوو. رۆژ هات و رۆژ چوو دەرفەتێک رەخسا کە ئەوان ئازادانە بێنەوە نێو شارەکان و لە قۆناغی دووەمدا دەسەڵات بگرنە دەست و دەرەنجام ببنە نوێنەرو فەرمانڕەوای ئەم گەل و نیشتمانە. دەسەڵاتێک لە قۆناغی یەکەمی تێکۆشانیدا دژ بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری پێشوو لە پێناوی ئازادیدا جەنگابوو، بانگ رادێری ئازادی بوو، هەرلەمەشەوە رەوایەتی سیاسی و یاسایی و رەوشتەکی خەڵکی کوردستانی بۆخۆی دەستەبەرکردبوو، کەواتە بۆ پاراستنی ئەو رەوایەتییە کە دواتر لە رێگەی یەکەمین پرۆسەی دیموکراسی لەم وڵاتەدا تەمەنی درێژتربۆوە، پێویستە تەواوی دەزگاکانی ئەو دەسەڵاتە، بە تایبەتیش دەسەڵاتی یاسادانان، لە روانگەی هەمان ئازار و تامەزرۆییەکانی قۆناغی شاخەوە سەیری دەستەبەرکردنی ئازادییەکانی ئەمڕۆی هاووڵاتیانی کوردستان بکەن و تابکرێ پانتایی ئازادییەکان بە هەمان هەناسەی ئازادیخوازانە فراوانتر و سەقامگیرتر بکرێ، نەوەکو لە پەنای بەیاساکردنی بوارەکانی ژیان ئازادی بکرێتەوە هەمان ئەو تۆمەتبارەی تا دوێنێ لە ترسی ستەمی یاساکان پەنای بردبووە بەر شاخ و لەوێوە هەوڵی سەلماندنی بێتاوانی و ئازادکردنیمان دەداو لەم پێناوەشدا سەدان هەزار لاو خۆبەخشانە گیانی بێگەردیان کردە قۆچی قوربانی و داینەمۆی بەردەوامی ئەو کاروانە ئازادیخوازییە.

ئەگەر لەم سۆنگەیەوە گرینگی و بایەخی پرسی ئازادی لەم ئەزموونە تازەیەی خەڵکی کوردستان رەچاونەکەین پێموانییە بتوانین یاساگەلێکی جیاواز لە یاسای ئەوانەی ئازادییان کۆت دەکرد و ئازادیخوازانیان بە تۆمەتبار دەزانی بهێنینەبەرهەم،ئاستەمیشە لە ئازادیخوازەوە نەبینە ئەنتی ئازادی لە بەرگێکی تازەدا!!

June 7, 2008